# دەف ژەنەکانی خوێن



ئەم ڕۆژە ، چ رۆژێکە کە عالەم شڵەژاوە
هەر کەس بە جەخارێ جگەری قیمە کراوە
مەلا حەمدوون

ئیسماعیل خورماڵی

دەشێ ، بەم کەرتکەرت بوون و خوێنەوە بمناسنەوە
بەم بێ زەینی چاوانی موحیبەتەوە بمناسنەوە

ئا بەم تاوە هەلاکەتی جەلادانە بمناسنەوە ؟

بمناسنەوە
بەفڕینی ئێوارە باڵندەکانم
بەداهۆڵی شەمشەمەکوێران ، لە هەیوان !

دەشێ بە شێواوی ئەم جەستە هەڵکۆڵراوە وە ، بمناسنەوە ؟

به نووری  هەسارەی ئەم  وەحشیانەوە بمناسنەوە ؟

بمناسنەوە

بمناسنەوە و بزەی منتان لێتێک نەچێ

سپیدە و چڵی گزنگم

لە ناو خوێن و

لەپەرت بووندا !

زەردەپەڕی ، بە ئاونگم

بەلێوی مشتووی خەنجەرێکی تیژەوە !

ئێ ی عێلی باران و گەنم

من سەحەرێ بەدووی نانا ،

لەتەک عیشقا بە جەنگ هاتم

خەیاڵی من هەر سێبەری دار هەنار و

عەسای باوک وچاوی(گوڵە)ی هاوسێمان بوو

خەیاڵی من هەر بەرچنەی ، ئێوارانی چوونەوە بوو !

لە بەرائەتدا فڕینی ، هەزار کۆترم بردبوو

بەرێژەیەک

پەروانەیەکم لە حەوشەی ،

ختووکەی گوڵ پێ دەرنەدەکرا

من لەترسی بانگ و سەڵای جریوان

زاتی پیاسەی باخێکم نەدەکرد بە تەنیایی

بە غافڵی لە جۆباری سروودی ڕەنگەکانم نەدەدا

وەکو شەونم بەسەر تەلی هەزار ڕۆشناییدا بازم دەدا و

متمانەم بە چاوی سەوزایی هیچ چڵەگیایەک نەدەکرد !

دەمزانی شار ، کرمێیە بە بۆنی وەحشیەت

دەمزانی سێو لە سێو هەڵدێ و

گەڕەکیش لە بۆنی جەلاد

دەمزانی سێو لە سێو هەڵدێ و

ئایەت لە حوجرە ولە کتێب !

دەمزانی عیشق لە عیشق دەفڕێ و

فڕین لە بەر فڕین  هەڵدێ !

دەمزانی شار ، کرمێیە بە بۆنی وەحشیەت

بۆیە لە هەموو فەرسەخێ بە گوومان بووم

بە گوومان بووم

لەنمەی ئاوڕشێنی لای گوڵە

ئاوە یان بزمار !

بە گوومان بووم

لە فڕینی زەردەپەڕی چۆلەکەکان

چۆلەکەن یان نارنجۆکی باڵدار !

بە گوومان بووم

لە گوڵەکانی ناو باخچە

سینەیان جۆگەلەی عەترە

یان زێرابی خیانەت و

یان بێستانی ژەهرو تاعوون !

بشێ ، ئەوان گوڵ بن

یان ئەوانیش ڕومانەی بۆندار !

نان نەبایە

من ، من

بە ڕازی هیچ متمانەیەک سەر نەدەبڕام

نان نەبایە

من بە ماچی مەنیجی مانگە شەویش

سەرخۆش و بەد مەست نەدەکرام !

نان نەبایە

من بەدییار کەللەی خۆمەوە

سۆزێکم لە خوێن نەدەچڕی و

وەک ڕەشەباش بە گوێی شارا نەمدەلوران !

کە چەقۆیان نایە سەرم

کەوتمە غەیبەتی هەموو براییمەکان

حەزم دەکرد

سێو

بەسەر ماڵی هەموو ئیسماعیلەکاندا بەخشمەوە

لە ژووری یەئسی هەر یەکێکیاندا ، بەشی

بەشی نیشتیمانێ مۆمم هەڵکردایە و

وەک خووم گەردی  خومخانە کان

بەشی نیشتیمانێ  ، ڕەنگی ئیمانم هەڵڕشتایە !

کافرنیم و

دوژمنی کوفریش نیم

بەڵام فووارەی خوێنی ئەو هەموو ئۆمەتە

هەڵتەکانی هێلانەی ئەو هەموو باڵندانە

ووشک کردنی ئەو هەموو پەپوولانە

خەرمانی ئەوهەموو قاوغە فیشەکانە

ئاژەنی چیمەنی ئەو هەموو هەتیوانە

شکانی چوارچێوەی ئەو هەموو گەڕەکانە

مەڵۆی زریکەی ژنان

خوڕەمی تاوە لافیتەی ئێوارانی
سەر ئەو هەموو دیوارانە
چما وونبوون ، لەناو باڕێژەی کوڕوزانەوەدا

چما وچما وچما وچما
چما خودا
ئەمە خوڕەی

چ مەوجێکە بە گوێی ڕۆخانەدا ؟

گۆرانی چ تەورداسێکی عاشقە

بە نێو کوچەی ئەو درەختە سپیانەدا ؟

خودایە ئەمانە تیپی مێلاقەی تۆن

یان جنسی زەمانێکی تازەن

یان هەر خودا

لەهەسارەیەکی ئاسنەوە هاتوون

پێڵاوئاسن ،دەست کێش ئاسن و دڵ ئاسن

ڕوانین ئاسن ، تەوقە ئاسن و دڵ ئاسن

خودایە ئەمانە چین ، چین ؟

لە ژیژکی ناو چیلکە و چەواڵ

لە جرجی ژێر زەمین زیاتر !

لە قریوەی چەقۆ شایی ، بەڕوولە و شەمامان زیاتر !

ئەمانە چین

لە ئاگری فیتنە زیاتر

لە کرێوەی پێکوڵ زیاتر

لە بزماری هێڵەکە ئارد زیاتر

لە کیسەڵی دزەکردووی ناو گوڵستان زیاتر !

ئەمانە چین خودای گەورە

ژەنگی چ ئاسمانێکی شەکەتن ؟

وا هەر چاویان

لە پەنجەرەی

فڕینی کوکوختیەکانە !

دەمەداسی چ زەردەبایەکی ژەنگن ؟

وا هەر گێچەڵیان لەدەوری

پەروانە و گوڵ ئاڵاندووە !

ئەمانە چین خودای گەورە

چاویان بەرایی زەردەخەنەی ژوان و

سەمای بۆڵی ، ئێوارە بۆڵی تریێیان نا دا !

ئەمانە چین خودای گەورە

بارانن و گوڵ

بە گوناهی پێ دەشتەوە دەخنکێنن !

تەرزە شینی بێستانانن و

خۆیان شەمامە بە عیشقەوە دەخنکێنن !

کەڵەشێرن و خوێن لەخوێندنیان دادەچۆڕێ !

قەڵەمن و هەر

تەنها وشەی مەرگ وخوێن دەزانن !

وای خودایە هەسارە ژماردن لەتەک ئەوانەدا
دانیشتنی چ سێبەرێکی سامناک و بەگۆبەنە

فڕین لەتەک ئەوانەدا ،

فڕینە بە شانی واشە و

به شانی داڵەکەرخۆرەو

به شانی شەمشەمەکوێرەوە !

نزیک له دوولێوی ئەوان

ماچەکان پڕن له تۆوی گوێزان

دەستەکان قەڵا و قەڵاتەن ،

به گێلاسی ئاشووب !

دڵەکان قەڵا و قەڵاتەن ،

به جریوەی کفر و گوناه !

چاوەکان قەڵا و قەڵاتەن ،

به فڕینی خۆکوشتن وخوڕەی ژەهر !

بەر پەنجەرەی زمانەکان

وەک وەردی دوای گاسن و کێڵان

پڕن له قیژەی قشقەڕەی برسی !

هاوار خودا

جامی و پەیکی ئەم ئەندێشه تاریکانه

کەی بەسەر قڵپ بوونەوەی ڕۆحا دەڕژێن !

زەمانی ئەم عەینەمەله بەردینانه

کەی بەسەرچاخێکی ترا وەردەگێڕی ؟

خوێن دەبارێ و بەرد دەبارێ

دەڵێی خودا

بێدەنگ فیکەی

کۆتایی گەمەت لێداوە

وا بە بێدەنگ هەموو ڕۆژێ

لە دارستان ،

پۆلێ باڵندە و جریوە هەڵدەگۆزی و

هەموو ڕۆژێ

بەپاڵ دڵی (مەحوی)یەوە

پۆلێ مەخلووق هەڵدەگۆزی و

بەپاڵ سێبەری کەنیشکە قەیسیەکی عەیارەوە

بە پاڵ ئاوی کەف چەڕێن و

بە پاڵ شایی ماسییانەوە

بەپاڵ قەیاغی قەوزە گرتووی ڕاوچیان

ڕاو و ڕاوچی و ماسی هەڵدەگۆزی !

هاوار خودا

پێکوڵەی گوومان ، پێی دڵی خواردین

بەردی گوومان

شووشەی هەموو متمانەکانی شکاندین

تۆ تەواشا

هەنووکە لە لێوی شارا

پەنجەرەیەک

نابینی متمانە بە ڕۆشنایی چرا بکا و

چۆلەکەیەک

نابینی متمانە بە ماڵی سەوزایی بکا و

پەروانەیەک

نابینی لە دۆستایەتی گوڵان نەفڕێ و

ماسییەک ، مەخلووقێ ، نابینی باوەڕی

بە مەلە و بە پیاسە مابێ !

زەمانێکە خودا

عیشق

پڕبووە لە تەقینەوە !

عیشق

قەڵا بووە بە مەترسی !

گۆڕستانان بە پۆل میوانیان نەدیوە

شار سەریان لە پۆلە پرسە ئاودیو نابێ !

زەمانێکە

ئینسان لە ئاسک زووتر دەکوژرێ و

لە ماسی زووتر و زووتر

دەم بۆ قولاپ درێژ دەکا !

زەمانێکە

لێوەکان ماچ بە خوێن دەکەن

دەرگاکان سڵ لە تەقەی دەرگا و

سڵ لە تەپەی پێ دەکەن

وای خودایە

(لاس)ی ئەم زەمانە

چەن خوێن باز و

چەن مەرگ بازن ، لەتەک دەستەی خەزاڵ دا

وای خودایە لەیلەکانی ئەم زەمانە

ئەوانیش چەن

چەن خوێن باز و لانە بازن

وەکو تەونی جاڵجاڵۆکە

چەن مەعشووقن

بە کنجووڕی خوێن وکوشتار

چەن شادن بە ئەڵقەی کوڕەزای ئاگر و

چەن شادن بە ڕژانی  دوا قوومی مەیی و

بەهەڵواسینی (باڕ مان)ە پیرەکانی گەڕەک  !

وای خودایە

ئازادی چ زەمانێکی

زەمان کووژی هاورد !

ساڵ

چ بەهارێکی جەلاد و

قوژبن

چ ئەژدیهایەکی هەزار سەری هاورد !

لە سێبەری نوێژدا

بەهار

خەزەڵوەری چ قەومێکی هاورد !

وای خودایە

ئازادی چ زەمانێکی ،

زەمان کووژی هاورد !

تو خودا ، خودا ، بەر گۆیژی عیتابم مەدە

گەر وەک گوڵە بەڕۆژەیەکی حەپەساو

سەر بە ڕووی هەتاوی( قانع) دا هەڵگێڕم و

بەزمانی پیرە مێردێکی لای ڕیشێن ، بێژم

پیاوی نوور دۆست لە کوێی؟

چاوێ بە مەحشەری ووڵاتا بگێڕی

بچیە بانێژەی سوورێن و

بانگێ لە زاتی( مەحوی ) کەی

بێژی قوربان ،

چەتری شەرحی  سوورەتێ هەڵدە تۆ لە کوێی ؟

زریکەیەک بە گوێی (ئەحمەدی خانی)دا کەیت و

بێژی قوربان

داستانێ تر

پایز نییە و

ڕۆژی هەزار( مەم وزین)ت هەڵ دەوەرێ !

لێرە نیت و

گێژەنی زەردەبای ژەنگ و خەنجەر

(تەمتەمە ) لە چاوی عاشقانت دەکوتن !

وای خودایە

زەمانێکی چ نسرمە بە قەتڵ وعام ، ئەم زەمانە ؟

بۆن بە هەر قوژبنێکەوە دەکەی ، هەر خوێن

فڕین

دەبەیتە هەر قوڵاییەک ، هەر خوێن

وای خودایە ، ڕەنگە ئێستە

یار وئەنیسی لای ئەنگۆش ، پڕبن لەپینەی گۆڕ

پڕبن لە قولاپ و لەتۆڕ

وای خودایە بە کێ بێژین

ئەمێستاکە

ئاگر پەیکی مووحیبەتە قوربان !

یار ، ڕیحانەی شاخە و

وەنەوشەی شار فریوو دەدا !

بە کێ بێژین ، گێژەنی ئاشووب دەسووڕێ و

چەقۆ تالب بە گەردنی، ئاڵە مەخلووقە خودا !

بە کێ بیژین ؟

حەددێ بۆ کوشتاری

پەروانە و گوڵ

مەخلووق و ساڵ

ئازادی و بزەی لای مناڵ دانێن !

بە کێ بێژین

مەلۆ تەرمی ، ژێر مانگەشەو بەسە

غافڵ بوون لەبێکەسی ئەو هەموو باڵندانە بەسە !

ووڵات کەوتە سەرلافاوی شەهید

باخچە کەوتە سەر مەوجاوی ،

مەرگی پەروانە مەستەکان !

بە کێ بێژین ؟

شەهید لەدەرماڵی

چەترێکی ژەنگ گرتووەوە ، هەڵدەڕوانێ و

کوڕانی بێ وەفا و کوڕانی بەدخانەش

ڕەنگ و بناغەی شورای دراو دەکێشن !

ئەو لە نانی ووشکە نانی ، منداڵانی شار دەڕوانی و

پیاوانی ڕەنگیش ، لەماڵی دەسەڵات و

لە پایەی شەنگە پایەی تازە دەڕوانن !

وای خودایە

بە کێ بیژێن

لەسەر سینی چاخێ ، تەتەڵەمان دەکەن

سینی ڕەنگی خوێن و کووشتار

سینی ڕەنگی ژەهر و تاعوون

سینی سفرەی بەرد و بزمار !

وای خودایە

بە کێ بێژین

غەیری ئەسپ سوارەکانی بە مەحفی خۆت

غەیری ئەنیسی بارەگا و بەر قاپی خۆت

وای خودایە

بە کێ بێژین ؟!

هەراسانی دەف ژەنەکانی ئەم دنیاین

پرزە بڕاوی ئاگری سروشتێکین

خوێن لە ساڵ و

خوێن لە موژگانمان دەچۆڕێ !

بەکێ بێژین ، پێمان بە شووشەی ئێوارە زامار

دڵمان بە بەردی سپیدە شکاو

بە کێ بێژین ، گەڵامان بە چڵەوە نەما و

دووڵبەرمان بە بانێژەوە نەما و

تریفەمان وە باخی شەووە وە نەما و

حوجرەمان بە پێوە نەما و

مەممان بە سنگەوە نەما و

لەقلەقمان بە منارەوە نەما

وای خودایە

خودای گەورە

بە کێ بێژین ؟!

دەست وپەنجەی مەملەکەتمان بڕا و

ڕێ ی هەسارەی کاکێشانمان ی بڕا و

خوێن شەشدەری قەدەر و ئومیدی گرتوین

ئەوەتانێ بەسەر سنگی کەژۆڵانی دەڤەرەوە

ڕمەپەنجەی زەمانی خوێن گڕ دەسێنێ و

نەزاکەت خومی زەمانێ هەڵی دەمژێ !

ئەوەتانێ

عیشق لە چاوەڕوانی چەقۆدا

سێوی

ناو بەرچنەی

کچەعاشقەکان بزر دەکا و

شنەی هەموو

عەترە ئاگراوییەکان بزر دەکا و

تەرزی ڕووانینێکیش ناخا

بەسەرکەپری

نێوانی (وەلی) و (شەم)ەوە !

لە چاوەڕوانی چەقۆدا ، عیشق

باخەڵی لە شیلانی ئاڵ خاڵی دەبی و

لێوانی لەماچی کۆترەکانی بەهەشت

وای لە بەهەشت !!

سەراسێ ماوە سەری من

لە ئاشبەتاڵ بوونی عیشق

لەبەردەم سوپای چەقۆدا !

بەگیرماوە زمانی من

لەتاو ڕەقبوونەوەی عیشق

لەبەردەم ساتە سەهۆڵییەکانی خوێندا !

ئامان عیشق

تۆ قەڵەمی

هەموو عاشقە سەوزەکانی دنیای

لێچوونەوەت ، لە چامەی سوور ، شورەییە !

کشانەوەت لەگرەوی ، هەنارە بە مەکرەکانی کچان

دۆڕاندنی ، نامەکانتە بە سێو !

لەدەست دانی سێو و ئاسکە !

بەو راوچییانەی ،

لەمەکری خوێن بەولاوە ، لەهیچ تێناگەن

ئامان عیشق کشاننەوەت

لەدەست دانی ووردبوونەوە و

ڕووتبوونەوە و

خاوبوونەوەی ، کۆشی ، کۆشە ئاڵەکانە !

ئامان عیشق

نەت کردبێ

سەری خۆت و

سەری نیشتیمانێ قەڵەم  نەوی بێنێ ،

ئاخەر سبەی

قەڵەم چی بەووڵات بڵێ و

(با)چی بە باخە گوڵ بڵێ و

(هەرمێلە)مێ

چی بەکوڕی ئاگر بڵێ ؟!

ئامان عیشق

سەری هەتاومان بە سێبەر نەدەی

سەری سایەمان بە هەتاو نەدەی

ئامان عیشق

لەم دەریاچەی نزیک وەحشییەتەدا

وەکوو لەنگەر

سەرمان

فڕێ نەدەی !

وەک ماسییەک

گەمەی ئاو و گەمەی عیشقت لێ تالآن کا

لووسکە ماسی ڕۆح و دڵمانی لێ هەڵ نەدەی !

گەرچی ژیان ، ئەمانەتێکی بێ ڕەنگ و

بنکۆڵی حیکایەتێکی خوداییە و

بنکۆڵی گەمەیەکەکە و هیچ !

ئامان عیشق  بانەبینە قۆشمەی زەمان

وەرە پێکڕا

لە حیکایەتی دڵۆپە ووردەکانی باران وردبینەوە

لە حیکایەتی شەونمە  کچەکانی گەڕەک ورد بینەوە

لە مزرایی ئەو هەنارەی

ئاسمانی خواش بە ڕەنگ دێنێ !

وەرە پێکڕا

ئاگر لە شمشاڵێ بەردەین

بە حوزنی ئێمە ڕانەگا !

بەرچنەیەک لە ڕەشمیری بە قەڵاکەین

بەرچنەی خوا ش پێ ی ڕانەگا !

وەرە پێکڕا ، دڵی یار بوونمان بەیەک بەخشین

تۆ لە بۆنی سونبولەکانی بریندا

لە مێلووی شەنگەڕۆژێکم بەش بە

منیش ، لەزێوانی هەرە ئێوارە تاریکەکانی خودا

سێوی دڵێک و ئاسمانێکت بەش دەدەم

خاڵخاڵ بە تریفە و باران

خاڵخاڵ بە شەمامە و بە گۆرانی

خاڵخال بە هەسارە و

بە زەڵمێ تر !

دەمێ ساڵە ، چاو بە ڕووتبوونەوەی باراندا دەگێڕم

بۆ گازی  گۆ مەمی ، نمێ ، مەرگ بە مەرگ دەپێوم !

دەمێ ساڵە ، ئەی خەرەندی عیشق

من لە سەیری جەنگەکانی قەڵەم هەڵدەڕوانم

لەتەواشای ئاسکە کەژاڵەکانی وولات هەڵدەڕوانم

لە پایز و لەشۆڕشی گەڵا زەردەکانی (حەمە) هەڵدەڕوانم

له سێبەری پیاسە تەنیاکانی زانکۆ

له سێبەری ئەو مێیانە هەڵدەڕوانم

له شۆخیدا

شەڕبە گوڵ و شەڕبە پەروانە دەگێڕن !

بەڕۆژی ڕوون

قەیاغی خۆر

نغرۆی ئاوی غیرە دەکەن !

دەمێ ساڵە ، منی عاشق

به قەڵەمێ لەفڕین و

به قەڵەمێ لەمێلاقە

دارە سێوی ڕامووسانێ ڕادەوەشێنم

لەلەرەمدا ، هەڵاڵە و چرۆی جریوەم هەڵدەوەرێ و

لەلەرەمدا ، پەروانە و کەنیشکی باڵدارم دەوەرێ

لەلەرەمدا

ئاخەرین پیاسەی شەونمێ

لەکۆڵانی خۆرا دەدۆزنەوە

له ناو ختوکەیەکی پایزدا ،

ئاخەرین جووکە و جریوەی

چۆلەکەیەک دەدۆزنەوە !

لەدەرماڵی بۆڵی گۆشت و  دووهەناری ڕۆشنەوە

دوا کتێبی جەهەنەمی لەزەتتان بە چنگ دەکەوێ !

دواکتێبی چاڵ و

گەمەی شمشێرتان بە چنگ دەکەوێ !

لەبەر حەوشەی تازە بەفرا

گەمە و شایی

ڕێواستان بە چنگ دەکەوێ !

وەرە ئەی یار

تۆ کەتامی

خوێن و غەزەلت کردووەوە !

تۆ کە تامی

خوێن و شمشێرت کردووەوە !

تۆ کەتامی

هەلاڵژانی ناو کتێب  و

ڕاکشانی ، باوەشی پیاوت کردووەوە !

تۆ بە چاڵێ ، کە بەدڵی سێوان دەچێ و  لەمن زیاتر

لە مزرایی چامەی ڕێواس دەگا  ، شاهیدم بە

شاهیدم بە

یان بڵێ چۆن ؟ کافرە خاتوون

چۆنە کەتۆ
لە چۆماوی لەشتا ، قەیاغی کوڵە ڕێواست دیوە و

چۆنە لەتاو لەززەت

لە فڕینی قومرییەکدا بزر نەبووی ؟

وەرە ئەی یار

با بەپەیژەی یەکەم تریفەدا

هەڵکشێین و بکشێینە ژوور !

با لە چاخی ئەم کیسەڵ و

ژێژک و  جرجە  پیرانە دوور کەوینەوە !

با لە داوی ئەم کتێبە ئاشووبانە ،

لەم دەڤەرە خوێن بازە دوور کەوینەوە

ئەو پەڕی ڕەهەندێ بگرین

تاژیان ماوە

بۆنی خوێن و بۆنی گۆڕمان بە لووت نەگا

با لە نێوان زەوی و ئاسمان

ماڵێ لەفڕینی باز و پەروانە بکەینەوە

ماڵێ لە بۆنی شەمامە و

ماڵی لەبەیتی قاچاخ و

ماڵی لە شیعری حەرام و

ماڵی لەجنسی با و باران

ماڵێ لە ڕووتبوونەوەمان

ماڵێ

لە ئاگری

تێکەڵبوونی دوو دڵدار و

ماڵێ لەجووتبوونی دووکوکوختی !

کەرەم کە ، ئەی یار ، با لەمێ

با لەمێ ، بەدڵ بفڕین

تازە چاوەڕوانی زیندەگییەک مەبە

سێبەری سنەوبەری خوێن بگاتە لای !

چاوەڕوانی زیندەگییەک مەبە

وەکو دەفتەر دێڕەکانی لە گوێزان بن !

چاوەڕوانی زیندەگییەک مەبە

لە ئاویدا ، لەنگەری خوێن وخیانەت کەوتبێ!

لە سارابیدا، لە شکری گورگ وپێکوڵ کەوتبێ !

لەدەرماڵی شمشاڵیدا ،

دایکی هەزار کۆست وحووزن کەوتبێ !

تازە چاوەڕوانی زیندەگییەک مەبە

چاوەڕوانی

مەیلی غەجەرییەک مەبە

دەستەکانی فێرە درۆ کردین !

قاوەکانی فێرە درۆ کردین !

هەر بەدرۆ لەنەبات و

لەفڕینی پەرییانی قەڵاکردین !

هەر بە درۆ شەمامەی ، شەمامەی  لێ کردین بە دوژمن

هەر بە درۆ  ، هەناری هەنارە ژنی لێفڕانین !

هەر بە درۆ

هەموو شتێ هەر بە درۆ

وای خودایە

هانایەک لەدەس مووسە با

هانایەک لەدەس غەجەری !

وای خودایە

بەکێ بیێژین

بێ و

بێ و

بنوا

لەم نیشتیمانە چکۆڵەی لای ئێمەدا

چرا ، چەن کزۆڵە

بەسەر دووکەڵی پیریدا دەگری و

مزگەووت چەن یاسە لە پرسەخانە !

زریکە چەن ، چەن چەوینە ، لە گوێ ئاوی حەژمەتی ژن !

باخ چەن بە ڕۆڕۆیە ،

لەبەردەم تابووتی جووکە و جریوەدا

ئاو چەن بەکەفی قەترانە

لەحەژمەت و قەرەچۆڵی ماسی دا !

به کێ بێژین ، خودای گەورە

تەواشاکە

لەسەر بەهاری ئەم کێڵگە تاریکانە

هەور چەن پڕە لە داهۆڵی شیوەن و فوغان

پایزەکان لێرە ،چەن پڕن

لە زەخیرە بۆ جەنگی ساڵ

تەیرەکان لێرە ، چەن پڕن

لەفڕینی هەلاکەتی

دڵەکان لێرە چەن پڕن ، لە تەنیایی یەکتر

لەگێلاسی زوخاو ، لەهەڕەشەی یەکتر !

بە کێبێژین ، عاشقەکان لێرە چەن پڕن

لە سۆناتای یەئس و وەفا ،

لەهەناری داوەریوی زەردەخەنە !

بە کێبێژین ، بەرچنەیان چەن بە لێوە

لە هەنجیری بە نەگبەتی و

لە بۆڵی بە یەک نەگەشتن !

بە کێبێژین

سنووریکمان هەس خودایە

هەر داهۆڵی چەقۆ و شمشێر و ئایەتە

بە کێ بێژین

بەهار چی لە کتێبی (با) و (باروت) حاڵی دەبێ و

شینە گووندان ، چی لەداهۆڵی ڕەش دەگەن !

بەکێ بێژین ئاخەر خودا

منالانی (کوچە هەرمێ)ی لای بزەی ئاڵ

منالانی بەر (حەوشەی شاتووە پیرە)

چی لە بەزمی چۆڵستان و

چی لە سەکۆی پڕلە شەتڵی مووس تێ دەگەن !

هەلالەن و

بەرائەت کوا ڕێیان دەدا

دەس بە ڕیشی چەقۆ سپیەکاندا بێنن !

پەروانەن و

جارە گوڵ کوا ڕێیان دەدا

گەمە لەتەک غەبغەبەی شمشێردا بکەن !

وردە ماسی چۆمێکی سەوز و بە سایەن

شەنگە (بی) چەقی چۆم  و ئاو

کوا دەهێڵێ ، مەلەی ئەودیو لمان بکەن !

بەکێ بێژین کە ناتوانن  ، ئەو تفلانە بەسەرپردێکدا تێپەڕن

جۆلانەی چیمەنی زەرد کەن !

بە کێبیژین کە ناتوانن ،

لەسەرکلکی تەورداسێ

سوبحێ ئەسپ ئەسپێنەکەن

لەسەرپەڕەی سەرسیلێکدا

نیوەڕۆیەک

جۆ جۆ و

ماڵە باجێنەکەن !

ئێوارەیەک

لەتەک

دوا پرتەقاڵی سەرچڵی زەردەپەڕدا

وەبای قریوەوە

هەلوکێن وپێنج بەردێن کەن !

وای خودایە بە کێبێژین

زایەڵەمان بوو بە سووتوو

باڵندەمان ، قوماتەی لم ، چڵی مردوو

بە کێبێژین ،

لەتاو غەڵبەغەڵبی خوێن

لەتاو غەڵبەغەڵبی خۆف و درۆ

ئەوین بە هەسارەی خواوە

ژەنەراڵی بەرخە ساڵ خۆش !

ئەوین بەتەرزی بێستانەوە

ژەنەڕاڵی بەرخە ساڵ خۆش !

ژووان بە گەڵای ماچەوە

مۆردی پیرە مەرگەوەڕخۆش !

دڵ بە غەواری شۆخەوە ،

خوا و حیزب و حەسوودەت خۆش !

وای خودایە بە کێ بێژین

وەتەن پڕە لە ڕوخساری گورگ و بەراز

وەتەن پڕە لە دڵی پڕ ، بزمار ڕێژ و

مەرگ ڕێژ و

حەسوودەت ڕێژ !

بە کێبیێژین

شەهید

لوتەلایە لە ئازادی

لەتریفەی نیوە شەوی عەهد و درۆ

لە خوڕەمی (هەورە دڵی) جەفا دڵان !

بەکێبیێژین

شەهید لوتەلایە

لە پرووشەی درەنگ شەوی

دابەزین وجارێکی تر

زرمە و تەقەی بناری شار !

بەکێبیێژین لوتەلایە ،

لەچاوی تێر خیانەتی (گلک)ە بەرپرسان و

لەمەڕمەڕی دواین کۆشک و

لەشەرمۆکەی ناو دەستوور و

لەهەلاجی زمان بڕاو

لەخەمی سارد !

به کێبێژین ،

(بێژ)ی شەهید

کە لە گۆڕەوە زریکەی دەفڕێ

خۆمان پاڵەوانی حیکایەتەکانی خۆمان

خۆمان بکوژی باڵندەکانی خۆمان

خۆمان پاییزی سەر خۆمان

خۆمان مەگەزی ناو خۆمان

خۆمان راوچی خۆمان

خۆمان خوێنی خۆمان

خۆمان چەقۆی خۆمان

خۆمان

وای لە خۆمان

تەنافین و

شۆڕین بە ڕۆحی هەڵواسراوی یەکتر

زیندانین و

تەژین بە زیندانیی خۆشەویستی یەکتر

تەرزە تاوی ئێوارەیەکین لەغیفڵەت ،زیاتر

بەردین بە ڕووی پێچەتەرزی دارە مێوا

هەیهوو خودایە لەئێمە

هەیهوو ، چ قەفەزێکین لە ئاسن

بۆ ماڵی جریوەی تەیرە ووردیلەکان

شەریعەتی چ مارێکین ، بۆ گوێ باخی چۆلەکەکان

ماریفەتی چ دووپشکێکی خانە خوێن

بە زاکیرەی خوێن و ژەهر و چزوو وەوە ،

لەبۆ خوا مەم !

بە کێ بێژم ، خودا

من چ بێژم

بەم هەلاکەتی زیندەگی تاراوگەوە

بەم شەمامەی بێستانە ووشکەڵانەوە

بەم هەسارەی ئاسمانە شەقارشەقارەوە

بەم خوڕەمی بێ سەیوان و ساباتەوە

بەم ئاوێنە خاشبووەوانەی ، مەحشەری غەریبییەوە

بەم قەیاغی پیرە ئاوانەوە

بەم نزوولەی لای پەروانە کەسکانەوە

من چ بێژم ؟ هەرچی بێژم

لەهەناری داوەریوی ، شاعیرێ زێدەتر نییە !

لە جۆگەلەی باڵە فرەی ، قەڵەمێ زێدەتر نییە !

هەرچی بێژم

فووکردنە بە ناو قەدی ، شمشاڵێکی لارە ملدا

هەرچی بێژم ، خۆ سووتانە ، بە زۆر ووتن

ئاواش ئەی یار ، دۆزەخیش هەر

لەقەڵەمی شاعیر دایە

لێ

بازە شاعیر ،

نەک قەڵەمی دەمی دەربار !

بازە شاعیر

نەک تەنافی بەر ڕەشەبای پەنا دیوار !

نەک قوماتەی بێشکەی لم و زڕە سێوەری زڕە دار !

بازە شاعیر نەک قەڵەمی ، قامیش قەڵەمی ناو چیخ بەند

بێ هەناسە لەبەردەم ئاپوورەی جەهل و

بێ پەڕو باڵ ،لەبەردەم ئاسمانی فڕین !

بێ تەواشا لە خاڵخاڵۆکەی غەریبان

لە خورەمی کوونە پەپوو ،

لە پێکوڵی پیاوی کوڵکن ، عەقڵی چڵکن

وای خودایە عاقیبەت خێر

نیشتیمان بەم عومری تۆزە ئازدییەوە

چۆڕێ ئاسمان ، بەم کۆلارەی ڕەنگانەوە

بێستانێ داد ، بەم تووتی و (بەبەغا) یانەوە

باخێ دەر ، بەم بەهاری گرێژەنەوە

وای خودایە ، عاقیبەت خێر

ئۆمەتێ بەم کەرت کەرت بوون و کوشتارەوە

زیندەگی باخێ بەم تەیرە ، سووتا و برژاوانەوە !

عاقیبەت خێر ، خودای گەورە

عاقیبەت خێر !

پووشپەڕی 2005/ئەڵمانیا